کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
31-10-2007 21:20بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سکرتێری سەرۆک وەزیرانی نەرویژ





ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی 2007. 10. 23، سکرتێری سەرۆك وەزیرانی نەرویژ خاتوو (شستی مارکۆسین)، لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە ئۆسلۆی پایتەخت، پێشوازی کرد لە نوێنەرانی کەمپینی بەجیهانیکردنی شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، کە پێکهاتبوون لە بەرپرسی گروپی کوردی لەرێکخراوی دژ بەڕەگەزپەرستی (ئیدریس سابیر) و بەرپرسی بەشی خوێندکاران (ئاری ناکام) و بەرپرسی کۆمەڵەی کوردی سوریا (شێروان عومەر) .

سەرەتا نوێنەرانی کەمپین هەندێك زانیاریان دەربارەی جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان ڕوونکردەوە، کە لە کارەساتەکانی شاڵاوی ئەنفال و کۆمەڵکوژی قارنێ و قەڵاتان و کیمیابارانی شاری هەڵەبجە و سەردەشت و گوندەکانی گۆپتەپە، سەیی‌سوێنان، شاناخسێ و ناوچەکانی دیکەی هەرچوار پارچەی کوردستان و بێسەروشوێنکردنی هەزارەها کوردی فەیلی و بەرزانییەکان دا ڕوویانداوە.

هەروەها ئاماژەیان بە سیاسەتی دڕندانەی ڕژێمی ئێران و تورکیا و سوریا و ڕژێمی ئێراقی لەناوچوو کرد، کەچۆن لەپێناو سەرکوتکردنی مافی ڕەوای ئازادیخوازی گەلی کوردستاندا، ئەو ڕژێمانە هەموو مامەڵەیەکی نامرۆڤانەیان گرتۆتەبەر و هەروەها سەرەڕای تاوانی داگیرکردنی باشووری بچوکی کوردستان، ڕژێمی سوریا بە هەزارەها کوردی لەمافی هاووڵاتیی بوون بێبەش کردووە.

لەپاشان ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی ئامانج و کارەکانی کەمپینی بەجیهانیکردنی شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و هەندێك بەڵگەنامەی گرنگ پێشکەش بە خاتوو شستی مارکۆسین کرا، هەروەها داوا کرا کە حکومەتی نەروێژی بەفەرمی شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە وەك تاوانی جینۆساید بناسێنێت و دواتریش داوا لە پارلەمانی وولاتەکەیان و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بکەن بۆ بڕیارێکی هاوشێوە.

هەروەها لەتەوەرەیەکی تری کۆبوونەوەکەدا، نوێنەرانی کەمپین باسیان لە هەڕەشەکانی ڕژێمی تورکیا کرد بۆ لەشکرکێشی کردنە سەر خاکی هەرێمی کوردستان و یاداشتنامەیەکیان بەڕەسمی پێشکەش بەحکومەتی نەروێژی کرد، کە لە پێناو پشتیوانیکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان و بەرەنگاربونەوەی هەڕەشەکانی تورکیا، داوای ڕاگرتنی هاوکاریی سەربازیی لە گەڵ ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا کرا، هەروەها داوا کرا لە ڕێی یەکێتی وولاتانی ئەورووپا و هاوپەیمانێتیی وولاتانی ناتۆوە فشار بخرێتە سەر ڕژێمی تورکیا کە نەك تەنها لەشکرکێشی و سیاسەتی هەڕەشە و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شەڕەنگێزی ڕابگرێت، بەڵکو دەبێت بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە دان بە مافی ڕەوای نەتەوەیی و مرۆڤایەتی گەلی کورددا بنێت.

لەپاش هەندێك پرسیار و ڕوونکردنەوە لەلایەن ئامادەبووانەوە، خاتوو (شستی مارکۆسین) نیگەرانی وولاتەکەیانی دەربڕی لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤدا لەرۆژهەلاتی ناوەراست بەگشتی و کێشەی کورد بەتایبەتی. هەروەها پشتیوانی حکومەتی نەرویژی دەربڕی بۆ مافی ڕەوای گەلی کوردستان و چارەسەری ئاشتیانەی دۆزی کورد.

شایەنی باسە لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، بەناوی کەمپینی بەجیهانیکردنی شالاوی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەوە، ئالایەکی کوردستان پێشکەش بە حکومەتی نەروێژی کرا و بانگهێشت کران بۆ سەردانیکردنی هەرێمی کوردستان و کارکردن بۆ کردنەوەی چەند سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە لە ئەو ناوچانەی کە شالاوی ئەنفال و کیمیاباران تیایاندا روویانداوە. هەروەها خاتوو (شستی مارکۆسین) خۆشحاڵی خۆی بەم چاوپێکەوتنە دەربڕی و بەڵێنیدا کە گشت داواکاریی و بەڵگەنامەکان بگەیەنێتە سەرۆك وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکانی دیکەش.

هەندێك زانیاری پێویست دەربارەی کەمپین:

لە ئەم ڕێکخراوانەی خوارەوە پێك دێت:

-----------------------------------------------------------

- گروپی کوردی لە ڕێکخراوی دژ بە ڕەگەزپەرستی لە نەروێژ
- ڕێکخراوای ماڵی روناکبیری سەلام لە نەروێژ و کوردستان
- کۆمەڵەی کوردی سوریا لە نەروێژ
- Anfal and Hallabja Foundation in Holland لە هۆڵاند
- ڕێکخراوی ژیانی نوێ بۆ ژنانی دوای ئەنفال لەکوردستان
- ڕێکخراوی قوربانیانی هەڵەبجە لەکوردستان
- ڕێکخراوی پەراوێزکەوتووەکان لەکوردستان
- سەنتەری توێژینەوەی ئەنفال لەکوردستان
- کۆمەڵەی ئاشتی کوردستان لە نەروێژ
- هەروەها چەندین پارتی کوردستانی و ڕێکخراو و کەسایەتی و ئەندام پارلەمان پشتیوانی دەکەن.

ناوی ئەو پارت و ڕێکخراوانەی کەتا ئێستا پشتیوانی خۆیان بۆ کەمپین تۆمار کردووە:

--------------------------------------------------------------------------------

- ڕێکخراوی دژ بەرەگەزپەرستی لەنەرویج SOS Rasisme i Norge
- ڕێکخراوی Selvhjelp for flyktninger og innvandrere
- SU ڕێکخراوی لاوانی پاتی سۆسیالیستی چەپ SV
- پارتی ژینگەی سەوزی نەرویجی Milj□partiet De Gr□nne
- پارتی سوری نەروێژی R□dt
- پارتی چەپی سۆسیالیستی نەروێژیSV
- AUF ڕێکخراوی لاوانی پارتی کرێکارانی نەروێژ

ئەندامێتی لە کەمپیندا لە کوردستان و دەرەوە:

---------------------------------------------

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
31-10-2007 21:20بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئاماژە بە پڕۆژەی ڕەشنوسی بەرنامەی کەمپین، کە هەتا بەستنی کۆنگرە کاری پێدەکرێت:-

- هەر ڕێکخراوێکی کوردی و بیانی یان کەسایەتی بخوازێت ببێتە ئەندامی کەمپین بەمەرجێك بەشێوەیەکی یاسایی، دیموکراتی و ئاشتیخوازانە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ کار بکات، بەشانازییەوە قبوڵی دەکەین، ئێمە باوەڕمان وایە یەکگرتنی هەوڵەکان لەم پێناوەدا مەرجی سەرەکی سەرکەوتنە و نابێت ئەم ئەرکە پیرۆزە بۆ بەرژەوەندیی هیچ لایەنێك و پروپاگاندەی حیزبی یان ڕێکخراوێك بەکار بێت یان قۆرغ بکرێت. هەروەها باوەڕمان وایە دەبێت دەستکەوتی سەرکەوتنی ئەم کەمپینە وەك سەرکەوتنێکی خەباتی گشت تێکۆشەرانی کوردستان و مرۆڤدۆستانی جیهان لەقەڵەم بدرێت.
- لێژنەی باڵای بەڕێوبەرایەتی کەمپین لەسەر ئاستی وولاتێك یان جیهان پێك دێت لە نوێنەری ڕێکخراوەکانی ئەندام و هەروەها هەندێك کەسایەتی.
- دەتوانن بۆ زانیاری زیاتر پەوەندی بکەن بە ئەم ئیمایلانەی خوارەوە:
  - idris. sabir. aziz@gmail. com لە نەتوێژ
  - komela_ksn@yahoo. no لە نەروێژ
  - mremin54@hotmail. com لە هۆڵاند
  - anfal. halabja@gmail. com لە هۆڵاند
  - aramabass@yahoo. com لە کوردستان
  - wazera_jalal@yahoo. com لە کوردستان

ناوی ئەو پارتی سیاسی و ڕێکخراوە کوردییانەی کەتا ئێستا لەنەروێژ پشتیوانی خۆیان بۆ کەمپین تۆمار کردووە:

---

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان / پژاك
- کۆمیتـــــــەی هاوکــــــاری پارتــــــە کوردستانییەکان
- کۆنگرەی نیشتیمانی کوردستان
- حیزبی دیموکراتی کوردستان
- پارتی سەربەخۆیی کوردستان
- پارتی سەربەستی کوردستان
- یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
- ڕێکخراوی کۆمەك
- کانونی نوسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕێکخراوی لاوانی دیموکراتی کوردستان
- یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان
- کۆمەڵــــەی پێشـــــمەرگەدێرینەکانی کوردستان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.